هەرکەسێک بە براکەی بڵێت: ئەی کافر، ئەوا بەسەر یەکێکیاندا دەشکێتەوە، ئەگەر ئەو کەسەی وای پێوتووە وابێت، ئەگەر نا ئەوا بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بە براکەی بڵێت: ئەی کافر، ئەوا بەسەر یەکێکیاندا دەشکێتەوە، ئەگەر ئەو کەسەی وای پێوتووە وابێت، ئەگەر نا ئەوا بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری دەدات لەوەی کەسێک بە برا موسوڵمانەکەی بڵێت: ئەی کافر، بەهۆی وشەی کوفرەوە یەکێکیان شایستەی ئەو وشەیە، ئەگەر ئەو کەسەی وای پێوتووە وابێت، ئەگەر نا ئەوا ئەو وشەیە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66271